# تیروپشکی جامی یەکێتی

# هەولێر و دهۆک بەشداری رکاب

هەفتەی رابردوو لە شاری کوالامپۆر پایتەختی مالیزیا تیروپشکی جامی یەکێتی ئاسیا بۆ تۆپی پێ راکێشرا، کە تیایدا لەم پاڵەوانیەتیە ٣٢ یانە بەشداری تیادا دەکەن و بەسەر ٨ کۆمەڵە دابەش کراون لە هەر کۆمەڵێك دوو یانە بۆ قۆناغی ١٦ سەردەکەوێت، لەم پاڵەوانیەتیە دوو یانەی کوردستان بەشداری تێدا دەکەن ئەویش هەریەکە لە یانەکانی دهۆك پاڵەوانی وەرزی رابردووی خولی پلە نایابەکانی عێراق و هەولێر پاڵەوانی وەرزی ٢٠٠٨-٢٠٠٩ی خولی پلە نایابەکانی عێراق لە هەمان کاتدا یانەی تەڵەبە خاوەن پلەی دووەمی خولی پلە نایابەکانی عێراق بەشداری دەکات و دەبێتە نوێنەری سێیە می عێراق لەم پاڵەوانیەتیە دوای یانەکانی هەولێر و دهۆك، کۆمەڵەکان بەم شێوەیە.

کۆمەڵەی یەکەم: دۆڕاوی یارییەکانی شیاندن بۆ خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا، ئەنسار لوبنان، ناساف ئۆزباکستان، تیلال یمن

کۆمەڵەی دووەم : قادسیە کوێت، دۆڕاوی یارییەکانی شیاندن بۆ خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا، سقر یەمەن، شۆرتان ئۆزبەکستان.

کۆمەڵەی سێیەم: فەیسەڵی ئوردن، دهۆك، نەسر کوێت، جەیش سوریا.

کۆمەڵەی چوارەم: سویق عومان، وەحدات ئوردن، تەڵەبە عێراق، کوێت کوێتی.

کۆمەڵەی پێنجەم: عەهد لوبنان، پاڵەوانی جامی عومان (عەروبە یاخود فنجان)، کەرامە سوریا، هەولێر.

کۆمەڵەی شەشەم: دۆڕاوی یارییەکانی شیاندن بۆ خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا، تیسو پیجوس هۆنگ کۆنگ، سۆنگ لام ڤێتنام، ڤی پی مالدیف.

کۆمەڵەی حەفتەم: دۆڕاوی یارییەکانی شیاندن بۆ خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا، تامپنیس رۆڤیرز سەنگافورە، ڤیکتۆری سپۆرت مالدیف، هانوی تی تی ڤێتنام.

کۆمەڵەی هەشتەم: ساوس چاینە هۆنگ کۆنگ، تشۆنبۆری ئیف سی تایلاند، بنگال هیند،پیرسپۆرا جا پور ئەندنوسیا.

کاتی یارییەکان بەمشێوەیە.

یارییەکانی قۆناغی یەکەم لە رۆژانی ١ و ٢/ ٣/ ٢٠١١ ئەنجام دەدرێت.

یارییەکانی قۆناغی دووەم لە رۆژانی ١٥ و ٣/١٦/ ٢٠١١ ئەنجام دەدرێت.

یارییەکانی قۆناغی سێیەم لە رۆژانی ١٢ و ٤/١٣/ ٢٠١١ ئەنجام دەدرێت.

یارییەکانی قۆناغی چوارەم لە رۆژانی ٢٦ و ٤/٢٧/ ٢٠١١ ئەنجام دەدرێت.

یارییەکانی قۆناغی پێنجەم



# ئاسیا بۆ تۆپی پێ راکێشرا

# ـەرایەتی ئەم پاڵەوانیەتیە دەکەن

لە رۆژانی ٣ و ٤/ ٥/ ٢٠١١ ئەنجام دەدرێت.

یارییەکانی قۆناغی شەشەم لە رۆژانی ١٠ و ١١/ ٥/ ٢٠١١ ئەنجام دەدرێت.

خشتە و کاتی یارییەکانی قۆناغی ١٦ بەمشێوەیە.

پاڵەوانی کۆمەڵەی یەکەم – دووەمی کۆمەڵەی سێیەم ٢٤-٥-٢٠١١

پاڵەوانی کۆمەڵەی سێیەم – دووەمی کۆمەڵەی یەکەم ٢٤-٥-٢٠١١

پاڵەوانی کۆمەڵەی دووەم – دووەمی کۆمەڵەی چوارەم ٢٥-٥-٢٠١١

پاڵەوانی کۆمەڵەی چوارەم – دووەمی کۆمەڵەی دووەم ٢٥-٥-٢٠١١

پاڵەوانی کۆمەڵەی پێنجەم – دووەمی کۆمەڵەی حەفتەم ٢٤-٥-٢٠١١


پاڵەوانی کۆمەڵەی حەفتەم – دووەمی کۆمەڵەی پێنجەم ٢٤-٥-٢٠١١

پاڵەوانی کۆمەڵەی شەشەم – دووەمی کۆمەڵەی هەشتەم ٢٥-٥-٢٠١١

پاڵەوانی کۆمەڵەی هەشتەم – دووەمی کۆمەڵەی شەشەم ٢٥-٥-٢٠١١.

جێگەی باسە یانەی هەولێر لە یاریگەی نێودەوڵەتی شەهید فرانسۆ هەریری یاری دەکات و یانەی دهۆك لە یاریگەی یانەی دهۆك یاری دەکات و یانەی تەڵەبە لە یاریگەی سلێمانی یاری دەکات، بەڵام تا ئێستا یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا بەفەرمی بریاری لەسەر رەزامەندی دانی یارییکردن لە یاریگەی سلێمانی نەداوە و چەند مەرجێکی داناوە، کە دەبێ جێبەجێ بکرێت، ئەگەر نا دەبێت یانەی تەڵەبە یاریگایەکی تر بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی یارییەکانی جامی یەکێتی ئاسیا ئەنجام بدات.





ورزش
گوڵان
ژمارە (٨٠٩)
٢٠١٠/١٢/١٣

بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :    بەرپرسی فایلی وەرزش: ئەحمەد عەزیز
Email: sport@gulan-media.com    rebin1985@yahoo.com
Mobile: 4480386



## باشترین پێكهاتەی جیهان بۆ تۆپی پێ لە مێژوو دەستنیشان كرا

هەردوو ماڵپەری گاردنیان و ئۆبسێرڤیری بەناوبانگی جیهانی راپرسییەكانی ئەنجامدا بە مەبەستی دەستنیشان كردنی باشترین پێكهاتەی جیهان لە مێژووی تۆپی پێدا، كە لە ١١ یاریزان پێكهاتووە، كە ئەنجامی راپرسییەكە بەمشێوەیە بوو.

گۆڵچی: پیتەر شمایكل (دانیمارك)

هێڵی بەرگری: فرانز بیكنباور (ئەڵمانیا)، فرانكۆ بارێزی (ئیتاڵیا)، كافۆ (بەرازیل)، پاولۆ ماڵدینی (ئیتاڵیا).

هێڵی ناوەراست: زینەدین زیدان (فەرەنسا)، مارادۆنا (ئەرژنتین)، یوهان كرویف (هۆڵەندە)، ستیفن جیرارد (ئینگلتەرە).

هێڵی هێرشبەر: رۆناڵدۆ (بەرازیل)، پیلیە (بەرازیل).

## نەسیم حەمید بوو بە راهێنەر



ئەفسانەی بۆكسینی بەریتانیا و جیهان نەسیم حەمید بە رەگەز یەمەنی دووبارە گەرایەوە نێو ركابەرییەكانی بۆكسێن، بەڵام ئەمجارە وەكو راهێنەر.

نەسیم حەمید دوای ئەوەی لە تەمەنی ٢٨ ساڵیدا بە فەرمی وازی لە یارییەكانی بۆكسێن هێنا بە شێوەیەكی چاوەڕواننەكراو، كە تیاییدا لە مێژووی خۆیدا ٣٦ سەركەوتنی بە دەستهێناوە لەم ٣٦ سەركەوتنە ٣٢ یاری بە لێدانی یەكلاكەرەوە سەركەوتنی بە دەستهێناوە.

لەمبارەیەوە نەسیم حەمید لە لێدوانێكی بۆ دەزگا راگەیاندنەكانی جیهان وتی: بەم نزیكانە دەگەرێمەوە یاری بۆكسێن وەكو راهێنەر دوای ئەوەی داوام لە یەكێتی بۆكسێنی وڵاتەكەم كردووە بروانامەی راهێنەریم پێ ببەخشێت بۆ ئەوەی بتوانم راهێنەرایەتی یاریزانی لاوی بەریتانیا كالۆم بكەم، چونكە كاتێك سەیری تواناكانی ئەم یاریزانە لاوەم كرد سەرنجی راكێشام، بۆیە حەز دەكەم گشت ئەزموونی خۆم لە بواری بۆكسێن پێشكەشی ئەم یاریزانە بكەم.

## سربیا بووە پاڵەوانی جامی دیڤیز



بۆ یەكەم جار لە مێژووی خۆیدا هەڵبژاردەی پیاوانی سربیا توانی پاڵەوانی جیهان لە جامی دیڤیزی تێنسی سەر زەوی بە دەستبهێنێت، دوای ئەوەی لە یاری كۆتایی ئەم پاڵەوانیتیە لە هەڵبژاردەی فەرەنسای بردەوە بە ئەنجامی ٣ یاری بەرانبەر ٢ یاری، هۆكاری ئەم دەستكەوتەی سربیاش بۆ یاریزانی بە توانا نۆڤاك دیكۆڤیچ دەگەرێتەوە، چونكە توانی سەركەوتنێكی گرنگ بە دەست بهێنێت و لە یاریزانی بە توانای هەڵبژاردەی فەرەنسا گایل مۆمفیس بباتەوە دواتر یاریزانی سربی ڤیكتۆر ترۆیسكی توانی لە یاریزانی فەرەنسی میشال لۆدرا بباتەوە و نازناوی جامی دیڤیز پێشكەش بە وڵاتەكەی بكات بۆ یەكەم جار لە مێژووی خۆیدا.

جێگەی باسە هەڵبژاردەی ئیسپانیا پاڵەوانی وەرزی رابردووی ئەم پاڵەوانیەتیە بوو، بەڵام ئەمساڵ یاریزانانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا ئاستیان وەكو پێویست نەبوو نەیتوانی ركابەری لەسەر بە دەستهێنانی نازناوی ئەم پاڵەوانیتیە بكەن.


## تیپی ویلیامز خۆی بۆ

تیپی ویلیامز یەكێكە لەو تیپانە كە بەشداری لە پێشبركێیەكانی فۆرملا ون دەكات، دوای ئەوەی لە پاڵەوانیتیەكانی ئەمساڵ ئەنجامەكانی وەكو پێویست نەبوو، بۆیە هەر لە ئێستاوە هەوڵ دەدات بۆ وەرزی داهاتوو بە باشترین شێوە خۆی ئامادە بكات، بۆ ئەم مەبستە گرێبەستی لەگەڵ شۆفێری یەكەمی تیپەكە رۆبنز باركیلۆ نوێكردووە و گرێبەستی شۆفێری دووەم نیكۆ هالكینگ بێرگی ئەڵمانی هەڵوەشاندووە، بۆیە هەوڵ دەدات شوێنی ئەم شۆفێرە پربكاتەوە و گرێبە ستێكی پێشكەش بە شۆفێری ڤنز و یلا باستۆر









# بۆ جاری دووەم ڕاهێنەرێک و دوو یاریزان لە ئێران دەستگیر دەکرێن

بەپێی هەواڵەکانی ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکانی ئێران پۆلیسی ئێران ڕاهێنەرێکی ناودار و دوو یاریزانی ناوداری ئێران بە تۆمەتی بەشداریکردن لە ئاهەنگی شەوانە لە باکووری تەهران دەستگیرا کران.

هەریەکە لە ڕاهێنەر ئەفیشن بەیروانی ڕاهێنەری پێشووی یانەی پیروزی و ئەستیل ئەزین و یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی ئێران و هەردوو یاریزان حوسێن کەعبی یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی ئێران و یانەی پیروزی و ئەستیل ئەزین و سدی قەتەری و مانچستەر سیتی ئینگلیزی و یاریزان عەلی ڕەزا نیکبەخت واحدی یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی ئێران و یانەکانی ئیستقلال و پیروزی و ئەستیل ئازین.

بەپێی یاساکانی ئێران یاسایەکی تایبەت بە هەڵسوکەوتی یاریزانان هەیە کە نابێت وەرزشوان لە ئێران بەشداری لەم جۆرە ئاهەنگانە بکات بەهیچ جۆرێك ئەگەر بەشداری بکات ئەوە بەپێی یاسا بۆ ماوەی ١ تا ٣ ساڵ لە وەرزش کردن دوور دەخرێتەوە.

بەپێی سەرچاوەکان بەرپرسانی وەرزشی ئەم وڵاتە هەوڵ دەدەن زۆرترین ماوە ئەم سێ وەرزشکارە سزا بدرێن، چونکە بە بۆچوونی ئەوان زیانێکی گەورەیان لە وەرزشی ئێران داوە.

جێگەی باسە ئەم دووەم جارە لەم جۆرە کارە ڕوو دەدات دوای ئەوەی لە ماوەی ڕابردوو سێ یاریزان بەهۆی ماچێك لە لایەن پۆلیسی ئێران دەستگیر کران دوای ئەوەی لە فڕۆکەخانەی ئێران ئەم سێ یاریزانە کچێك ماچ دەکەن ڕاستەوخۆ دەستگیر دەکرێن.

# وەرزی داهاتوو ڕێکدەخاتەوە

ماڵدۆناڵد کردووە بۆ ئەوەی ببێتە شۆفێری دووەمی تیپەکە. باستۆر ماڵدۆناڵد تەمەن ٢٥ ساڵ یەکێك لە شۆفێرە بەناوبانگەکانی پێشبرکێی (GB٢) بووە لە جیهان، ئەم ئاستە بەرزش بووە هۆکاری بایەخی دانی تیپی ویلیامز بەم شۆفێرە.




# پاڵەوانی زۆرانبازی ئازاد ڕوو لە بواری سینەما دەکات

باتیستا پاڵەوانی زۆرانبازی ئازاد (wwe) بڕیاری دا بە یەکجاری واز لە یاریکردنی زۆرانبازی ئازاد بهێنێت دوای ئەوەی تووشی پێکان هات و بەڕێوەبەری (wwe) ڕێگەی نەدا دووبارە بگەڕێتەوە نێو ڕکابەرییەکانی ئەم پاڵەوانیەتیە و لەگەڵ یاریزانی ناودار جۆن سینا یاری بکات، بۆیە لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا وتی: ستەمێکی زۆریان لێکردم، بۆیە بڕیارم دا بە یەکجاری واز لەم یارییە بهێنم و ڕوو لە بواری سینەما بکەم.

لە درێژەی لێدوانەکیدا باتیستا وتی: ئێستا سەرقاڵی ئەوەم بەشداری لە یەکێك لە فیلمەکان دەکەم لە هۆڵیوود، ئەم فیلمە لە دەرهێنانی دەرهێنەری بە توانا ڕاسل مۆلکاهیە.



# باشترین راهێنەر و یاری

### کێ دەبێتە خاوەن تۆپی زێڕین

هەفتەی رابردوو یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی و رۆژنامەی فرانس فۆتبۆڵ تایبەتمەند لە بواری تۆپی پێی، ناوی ســێ یاریزانی ئاشکرا کرد بۆ ئەوەی رکابەری لەســەر نازناوی بە دەستهێنانی باشــترین یاریزانی جیهان لە ساڵی ٢٠١٠بکەن، ئەویش هەریەکە لە یاریزانان ئەندریاس ئەنێســتا (بەرشــلۆنە، ئیســپانیا) و زاڤی (بەرشــلۆنە، ئیسپانیا)، لیۆنێل میسی (بەرشلۆنە، ئەرژەنتین) ئەم سێ یاریزانە رکابەری لەسەر بەدەستهێنانی نازناوی تۆپی زێڕین دەکەن.

ئەندریاس ئەنێستا توانی لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە خولی ئیســپانیا و جامی سوپەری ئیسپانیا بە دەست بهێنێت و لە یاری کۆتایی جامی جیهانی ٢٠١٠ توانی گۆڵی سەرکەوتن بۆ هەڵبژاردەی ئیســپانیا تۆمار بکات و ببێتە پاڵەوانی جیهان لەم ســاڵە و ئاســتێکی بەرزی پێشکەش کرد و پاڵێوراوێکی بەهێزە بۆ بە دەستهێنانی ئەم نازناوە بە هەمان شــێوە یاریزان زاڤی رکابەرێکی بەهێزە بۆ ئەم خەڵاتە، چونکە لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە خولی ئیسپانیا و جامی ســوپەری ئیسپانیای بەدەســت هێنا و توانیی لەگــەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیا جامی جیهانی بە دەســت بهێنێت و یاریزان میســی لەگــەڵ یانــەی بەرشــلۆنە هەمــان دەســتکەوتی بە دەســتهێنا، بەڵام لە مۆندیالی ٢٠١٠ نەیتوانی ئاستێکی باش پێکشەش بکات.

هەرچەندە ئەم ســێ یاریزانــە توانیان لەم وەرزە ئاستێکی بەرز پێشــکەش بکەن، بەڵام ئەمساڵ یەکێتــی تۆپی پێــی نێودەوڵەتی ســتەمێکی گەورەی لە یاریزانی یانەی ئەنتەر میلان ویسلی شنایدر کرد، ئەم یاریزانە لە وەرزی ٢٠١٠ هەموو شــتێکی پێشــکەش بە یانەکەی و وڵاتەکەی کــرد، کاتێك توانی لەگەڵ یانەی ئەنتەر میلان نازناوی خولی ئیتاڵیا و جامی ئیتاڵیا و خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بە دەستبهێنێت و توانی هەڵبژاردەکــەی بگەیەنێتە یاری کۆتایی جامی جیهانی ٢٠١٠، واتە زۆربەی دەســتکەوتەکانی لەم وەرزە بە دەســتهێناوە، بەڵام ناوی لە لیستی کۆتایی ئەم خەڵاتە نەبوو، ئەمەش بە بۆچوونی زۆربەی رۆژنامەکانی جیهان ستەمێکی گەورەیە لەم یاریزانە کراوە.

### ٣ راهێنەر رکابەری لەســەر نازناوی باشــترین راهێنەر دەکەن

بە هەمان شێوەی یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی ناوی ســێ راهێنەری ئاشکرا کرد، کە رکابەری لەسەر نازناوی بە دەستهێنانی باشترین راهێنەری جیهان لە ساڵی ٢٠١٠ دەکەن، ئەویش هەریەکە لە گواردیۆلا راهێنەری یانەی بەرشلۆنە و دیل بۆسکی راهێنــەری هەڵبژاردەی ئیســپانیا و جۆزیــە مۆرینهــۆ راهێنــەری پێشــووی ئەنتــەر میلان و ئێســتای ریال مەدرید، ئەم سێ راهێنەرە لەم ساڵە توانیان دەستکەوتی گەورە بۆ تیپەکانیان بە دەست بهێنین، گواردیۆلا توانی لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە نازناوی خولی ئیسپانیا و جامی ســوپەری ئیســپانیا بە دەست بهێنێت و دیل بۆســکی توانی گرنکترین دەستکەوت لە مێژووی ئیســپانیا تۆمار بکات کاتێك نازناوی جامی جیهانی بۆ یەکەم جار بۆ وڵاتی ئسپانیا بە دەســت بهێنێت و جۆزیە مۆرینهۆ توانی سێ پاڵەوانیەتی لە یەك وەرز بۆ یانەی ئەنتەر میلان بە دەســتبهێنێت ئەویش خولی ئیتاڵیا و جامی ئیتاڵیا و خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بوو.

دوو ئەڵمانــی و بەرازیلیــەك رکابەری لەســەر نازناوی باشترین یاریزانی جیهان لەسەر ئاستی ئافرەتان دەکەن

بەهەمان شێوەی یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی ناوی ســێ یاریزانی ئافرەتی ئاشــکرا کرد بۆ ئەوەی رکابەری لەسەر نازناوی باشترین یاریزانی جیهان بکەن، ئەویش هەریەکە لە یاریزانان فاتمێر باجرباج یاریزانــی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و مارتا یاریزانی هەڵبــژاردەی بەرازیل و برێجیت برینتز یاریزانــی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا. هەروەها ســێ راهێنەر پاڵێوراو کراون بۆ ئەوەی رکابەری لەسەر بە دەســتهێنانی باشــترین راهێنەری جیهان لەســەر ئاســتی ئافرەتــان بکــەن ئەوانیش هەریەکــە لە مارین ماینرت



# ـــزانی جیهان کامیان دەبێت

ڕاهێنەری هەڵبژاردەی لاوانی ئافرەتانی ئەڵمانیا و سلیفیا ناید ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و بیا سۆندهاج ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئەمریکا.

**پێکهاتەی هەڵبژاردەی جیهان بۆ ساڵی ٢٠١٠ دەستنیشان دەکرێت**

یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی لیستی ٥٥ یاریزانی ئاشکرا کرد بۆ ئەوەی ١١ یاریزان دەست نیشان بکات تاکو پێکهاتەی جیهان لە ساڵی ٢٠١٠ دەست نیشان بکرێت، لیستەکەش بەمشێوەی خوارەوەیە.

گۆڵچی: بۆفۆن (ئیتاڵیا — یۆڤنتوس)، ئیکەر کاسیاس (ئیسپانیا — ریال مەدرید)، پیتەر چیك (چیك — چێڵسی)، جۆلیۆ سیزار (بەرازیل — ئەنتەر میلان)، ئیدوین ڤان دێر سار(هۆڵەندە — مانچستەر یۆنایتد).

هێڵی بەرگری: دانییل ئەلڤێس (بەرازیل — بەرشلۆنە)، گاریس بال (وێلز — تۆتنهام هۆتسبێر)، میشێل باستۆس (بەرازیل — لیۆن)، ئاشلی کۆڵ (ئینگڵتەرە — چێلسی)، پاتریس ئیڤرا (فەرەنسا — مانچستەر یۆنایتد)، ریو فێردناند (ئینگڵتەرە — مانچستەر یۆنایتد)، فلیپ لام (ئەڵمانیا — بایرەن میونیخ)، لۆسیۆ (بەرازیل — ئەنتەر میلان)، مایکۆن (بەرازیل — ئەنتەر میلان)، مارسێلۆ (بەرازیل — ریال مەدرید)، ئەلیساندرۆ نێستا (ئیتاڵیا — ئەی سی میلان)، جۆن تێری (ئینگڵتەرە — چێڵسی)، پیپی (پورتوگال — ریال مەدرید)، جیرارد پیکیە (ئیسپانیا — بەرشلۆنە)، کارلۆس پیوڵ (ئیسپانیا — بەرشلۆنە)، سێرجیۆ ڕامۆس ( ئیسپانیا — ریال مەدرید)، والتەر ساموێل (ئەرژەنتین — ئەنتەر میلان)، تیاگۆ سێلڤا (بەرازیل — ئەی سی میلان)، نیمانیا ڤیدتچ (سربیا — مانچستەر یۆنایتد)، خافییر زانیتی (ئەژەنتین — ئەنتەر میلان).

هێڵی ناوەڕاست: ئیستبیان کامپیاسۆ (ئەرژەنتین —ئەنتەر میلان)، مایکل ئیسیان ( گانا — چێڵسی)، زاڤی هێرناندێز (ئیسپانیا — بەرشلۆنە)، ئەنێستا (ئیسپانیا — بەرشلۆنە)، زاڤی ئەلۆنسۆ (ئیسپانیا — ریال مەدرید)، سیسك فابریگاس (ئیسپانیا — ئەرسناڵ)، ستیفن جیرارد (ئینگڵتەرە — لیڤەرپوول)، کاکا (بەرازیل — ئەی سی میلان)، فران لامپارد (ئینگڵتەرە — چێڵسی)، تۆماس مۆلەر ( ئەڵمانیا — بایرەن میونیخ)، خافییر ماسکیرانۆ (ئەرژەنتین — بەرشلۆنە)، مسعود ئۆزێل (ئەڵمانیا — ریال مەدرید)، ئەندریا پێرلۆ (ئیتاڵیا — ئەی سی میلان)، باستیان شڤانشتایگر ( ئەڵمانیا — بایرەن میونیخ)، ویسلی شنایدەر ( هۆڵەندە — ئەنتەر میلان).

هێڵی هێرشبەر: دیمتار برباتۆف (بولگاریا — مانچستەر یۆنایتد)، دیدییە درۆگبا (کۆتی دیڤوار — چێڵسی)، ساموێل ئیتۆ (کامیرۆن — ئەنتەر میلان)، دیگۆ فۆرلان (ئۆرگوای — ئەتلەتیکۆ مەدرید)، گۆنزالۆ هیگواین (ئەرژەنتین — ریال مەدرید)، زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ (سوید — ئەی سی میلان)، لیونێل میسی (ئەرژەنتین—بەرشلۆنە)، دیگۆ میلیتۆ ( ئەرژەنتین — ئەنتەر میلان)، ئەرین ڕۆبن (هۆڵەندە — بایرەن میونیخ)، واین ڕۆنی (ئێنگڵتەرە — مانچتسەر یۆنایتد)، کارلۆس تێڤێز (ئەرژەنتین — مانچستەر سیتی)، فرناندۆ تۆرێس (ئیسپانیا — لیڤەرپوول)، داڤید ڤیا ( ئیسپانیا — بەرشلۆنە).

جێگەی باسە لە شانبەشانی ئەم خەڵاتانە چەندین خەڵاتی تر وەکو یاری خاوێن و باشترینی یەکێتی تۆپی پێی جیهان و جوانترین گۆڵ لە ساڵی ٢٠١٠ و چەندین خەڵاتی تر لە ڕۆژی ٢٠١١/١/١٠ لە شاری زیوریخ لە سویسرا لە ئاهەنگێکی ڕاستەوخۆ پێشکەش دەکرێت.

